# کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لایەنێکی دیکەی کوردستانی رۆژهەلاتە کە بێ ئاگایی خۆی سەبارەت بەکاتو ئامانجو رێکخەرانی کۆنفرانسەکە دەردەبڕێت، ئەبوبەکری مودەرسی بەئاوێنەی راگەیاند کە «تا ئێستا هیچ زانیارییەکی رەسمی بەئێمە نەدراوە، هیچ بانگهێشتی ئێمە نەکراوە، ئەوەی ئێمە بیستومانە هەر ئەوانەیە کە لەراگەیاندنەکاندا بلاوکراونەتەوە».

دەربارەی قسەو باسی چەکدانانیش، وتی «پێموانییە یەکێک لەئامانجەکانی ئەوە بێت، من پێموانییە تەکلیفی ئەوەمان لێبکرێت، کۆمەڵە سەبارەت بەچۆنیەتی خەبات کردن چۆن بیردەکاتەوە، ئەوە پەیوەندی بەخۆوەیەتی، ئێمە پێمانوایە ئەو خەباتە هێشتا پێویستە، بەو مانایە نا هەر ئێستا بیکەین، ئەوە پەیوەندی بەهەلومەرجو لێکدانەوەی بارودۆخی ناوچەکەو ئێرانەوەیە، ئێمە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانمان لەبەرچاو گرتووەو کردوشمانەو ئێرەش ناکەین بەپایگایەک بۆ هێرش کردنە سەر ئێران، بەلام ئێمە ئامادە نین دەستبەرداری هێزی پێشمەرگە بین، ئەگەر بڕیاری ئەوەش لەکۆنفرانسەکەدا بدرێت، ئەو بڕیارە دەبێت هەڵقولاوی سیاسەتی خۆمان بێت».

هەروەها مودەریسی وتی «حکومەتی هەرێم مافی خۆیەتی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرودراوسێ بەپێی بەرژەوەندی خۆی تەنزیم بکات، بەلام نابێت ئەوە بەزیانی خەباتی خەڵکی کورد لەپارچەکانی ترو رۆژهەلات بشکێنێتەوە».

لەکاتێکدا کە ئاماژەی بەوەش کرد ئێران هەمیشە لەهەولی ئەوەدا بووە جێ پێی خۆی لەعێراق بەگشتیو لەکوردستان بەتایبەتی بکاتەوە، هەوڵ دەدات ئامانجەکانی خۆی بەرەو پێش بباتو نفوزی خۆی قایم بکات،

وتی «کۆمەڵە بەشێوەیەکی دیڤاکتۆ هەمیشە ئەم بەشەی لەبەرچاو بووە، بونی ئێمە لێرە بارێک نیە لەسەر حکومەتی هەرێم، بەڵکو ریشەی لەمێژوو، هاوخەباتی ئەو دوو پارچەیەدایەو خاڵێکی بەهێزە بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە موشکیلەیەک نین، خاڵێکی بەهێزیشینو پێویستە حکومەتی هەرێم ئەو خاڵە لەدەست نەدات».